جامی ئەفریقا... نیجیریا بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر لە جەزائیری بردەوە

لە جامی ئەفریقا نیجیریا بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر لە جەزائیری بردەوە و گەیشتە قۆناغی پێش کۆتایی.

لە یاریێکی قۆناغی چارەکی کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئەفریقا هەڵبژاردەی جەزائیر لە یاریگای عیسا سی روو بەووی نیجیریا بوویەوە.

لە تایمی یەکەمدا یاریێکە هاوسەنگبوو بەجۆرێک هیچ لایەکیان نەیانتوانی گۆڵی یەکەم و پێشکەوتن تۆماربکەن، سەرئەنجام ئەم تایمە بە سپەتی کۆتایی هات.

لە نیوەی دووەمدا نیجیریا باشتربوون و توانیان لە خولەکی 47 لەرێگەی ئیسمینیو گۆڵی یەکەم تۆماربکەن.

پاشان لە خولەکی 57 ئادامس توانی دووەم تێپ بخاتە نێو خانەی گۆڵی جەزائیرەوە.

سرئنجام یاریکش بـ دووگی بـبرامبر لـ برژوندی نجیریا کتایی هات و خیان گیاند قناغی پش کتایی و لم قناغش برامبر مغریب یاریی دکن و جزائیریش مائاوایی کرد.